شـــایان
گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

بەشی یاسا

یەکشەممە Sunday 2017/2/26 - ژمارە (1) Issue
دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە بەشی یاسای زانکۆی ئیشك دەردەچێت

# زانکۆی ئیشک ڕێورەسمی (سوپاس بۆ شەهیدان) دەگێڕێت

**پەیامنێری (شایان):**
وا بڕیارە ڕۆژی ٢٠١٧\٣\٢ بە ئامادەبوونی کەسوکار وماڵباتی شەهیدان، بۆ چوارەمین ساڵ لەسەر یەک و وەکو ڕێز و وەفادارییەک بۆ گیانی پاکی شەهیدان و کەسوکاری سەربەرزیان، سەرۆکایەتیی زانکۆی ئیشک بە هاوکاریی کۆمەڵێک لە قوتابیانی زانکۆ، ڕێورەسمێک لەژێر ناوی (سوپاس بۆ شەهیدان) بگێڕێت.

مەبەست لە گێڕانی ئەو ڕێورەسمە، وەک سەرچاوەیەک لەنێو سەرپەرشتیارانی ڕێورەسمەکە بە پەیامنێری دیوارنامەی (شایان)ی ڕاگەیاند: هەستکردنی هەر تاکێکی ئەم کوردستانە و بە تایبەتی قوتابیانی زانکۆکەمانە بە قوربانییە مەزنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆریستانی داعشدا، هەروەها ڕێزگرتنە لە شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان و هەروەها شەهیدانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان.

سەرچاوەکە ڕوونیشی کردەوە: قوتابیانی زانکۆکەمان لەبەرامبەر قوربانیی گەورەی شەهیدانمان و ڕۆحی پاک و بێگەردیان، بەڵێن دەدەن کە ئەوانیش بە قەڵەم و زانستیان بەردەوام بن بۆ پێشخستنی گەلەکەمان تا هیچ کاتێک گەلەکەمان نەبێتە قوربانیی دەستی تیرۆریستان و نەزانین.

ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتی: لەو ڕۆژەدا زانکۆی ئیشک هەوڵ دەدات بە کۆکردنەوە هەموو نەتەوە و ئایینەکان، وێنەیەکی هەرە جوان و بچووککراوەی پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان نیشان بدات، ئەویش بە بانگکردنی سەرجەم قوتابیان بەبێ جیاوازی و مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ بانگکردنی هەموو لایەنە سیاسییەکان و دەزگاکانی حکوومەت.

سەرچاوەکە ئاشکراشی کرد کە لە ڕێورەسمەکەی ئەمساڵدا، هونەرمەندی ناوداری کورد، ناسری ڕەزازی ئامادە دەبێت.

شایەنی باسە، ئەم ڕێورەسمە ساڵانە لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەگێڕدرێ، بەڵام ئەمساڵ لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، بەرز ڕادەگیرێت.

سەرپەرشتیارانی ڕێورەسمەکە و سەرۆکایەتیی زانکۆ، لە پەیامێکدا داوا لە سەرجەم قوتابیان دەکەن، کە بە دڵگەرمی و جۆش و خرۆشەوە، بەشداری لە چالاکییەکانی ئەو ڕێورەسمەدا بکەن.




## هەواڵی چاوەڕوانکراوی زانکۆ

**پەیامنێری (شایان):**
لە ماوەی داهاتوودا لەنێو کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆکەمان (زانکۆی ئیشک) چەندین چالاکی و کۆڕ و کۆنفرانس و دیبەیت و گفتوگۆ بەڕێوە دەچن. دیوارنامەی (شایان) لە هەر ژمارەیەکدا وەکو هەواڵی چاوەڕوانکراو و ئاگادارکردنەوەی خوێنەران و خوێندکارانی ئازیز، ئەو چالاکییانەی بڕیارە ساز بکرێن بڵاو دەکاتەوە، هیواداریین سەرپەرشتیاران و ڕێکخەرانی ئەو چالاکییانە لە بوونی هەر چالاکییەک (ئەکادیمی، ڕۆشنبیری، هونەری، وەرزشی، زانستی) ئاگەدارمان بکەنەوە تا بۆیان بڵاو بکەینەوە.


### دیبەیتی سێ زانکۆ

وا بڕیارە بەم نزیکانە دیبەیتی (ئایندەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەنێوان فیدرالیەت و سەربەخۆیی و کۆنفیدرالیدا) لەنێوان هەر سێ زانکۆی (ئیشک، سەلاحەدین، فەرەنسی لوبنانی) بەڕێوە بچێت. ئەم دیبەیتە بە بەشداریی (٩) قوتابی لە هەر سێ زانکۆ بەڕێوە دەچێت، لە هەر زانکۆیەک سێ قوتابی بەشداریی تێدا دەکەن، لیژنەی سەرپەرشتیاریش لە (٦) مامۆستای هەر سێ زانکۆ پێکدێت لەگەڵ مامۆستایەکی زانکۆیەکی دیکە کە دەبێتە سەرۆکی لیژنەکە.

### پێشبڕکێی توێژینەوەکان

وا بڕیارە لە مانگی نیسانی داهاتوو هەر لە نێو تەلاری (زانکۆی ئیشک)دا کۆنفرانسی (توێژینەوەی دەرچوونی قوتابیانی قۆناغی چوارەم لە بەشی یاسا) بهڕێوە بچێت کە تێیدا پێشبڕکێ سەبارەت بە توێژینەوەکانی دەرچوونی قوتابیەکانی قۆناغی چوارەم دەکرێت.

## سەروتار



# دیوارنامەی (شایان) بۆچی؟

**هیرۆ ئیسماعیل عارف**

لە دنیای خێرای ئێستادا، سۆشیال میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەموو جۆرە هەواڵ و زانیارییەک بە هەموو ڕەنگێک و بە خێراترین ڕێگا دەگەیەننە دەستی هەر تاکێکمان. دنیای خێرای تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کار و بیرکردنەوەی ڕۆژانەی هەموومان هەیە و تێکەڵی وردەکاریی ژیانمان بووە، بەڵام ئایا بیرمان لەوە کردووەتەوە ئێمە چەند بەشدار بووین لەو کاریگەرییە؟ یاخود لە گەیاندنی بیروڕا و هەستی خۆمان چەندە توانیومانە ڕاستگۆیانە بیگەیەنین، تەنانەت بە کەسە نزیکەکانیشمان؟

تەکنەلۆژیا کارئاسانیی زۆری کردووە، نەک تەنها لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، بەڵکوو بۆ بچووکردنەوەی جیهان و گەیاندنی دەنگ و وشەی کەسەکان بە یەکتری بە شێوەیەکی زۆر ئاسان، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەموومانی لەیەکتری دوور خستووەتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بابەتێکی دیکەیە و قسەی زۆر هەڵدەگرێ.

جگە لەو کارئاسانیانە، کار گەیشتووەتە پەخشکردنی پەرتووکی ئەلکترۆنییش، کە من بەش بەحاڵی خۆم، زۆر لە خۆم دەکەم تا بتوانم کورتەهەواڵ و زانیارییەکان لەسەر ئەم شاشە بێ هەستانە بخوێنمەوە، چ جای خوێندنەوەی کتێبێکی ئەلیکترۆنی لەڕێی شاشەوە.

بە هەرحاڵ، هیچ بەدوور نازانرێت کە ڕۆژێک دابێت هیچ بەهایەکی ئەوتۆ بۆ کاغەز نەمێنێ، چونکە ئێستا کە ڕۆژنامە و گۆڤاری کاغەزیش دەردەچن لەپای دەرچوونیان بە ئەلکترۆنییش دەکرێن، بەڵام دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بین کە ئەم تەکنۆلۆژیایەی ئێستاش بەم شیوەیە نامێنێ و ڕەنگە ئەمانیش وەک کاغەز بەیەکجاری لەناو بچن. لێ لێرەدا پرسیارێکی دیکەش دێتە گۆڕێ: ئایا تەکنەلۆژیا کارێکی وای کردووە ژمارەی خوێنەر زیاتر بێ؟ لە وەڵامدا دەڵێم: نەخێر، بەڵگەشم ئەوەیە ئەگەر خوێنەر زیاتر بوایە، ئەوا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییکاندا لایکی زۆ بۆ وێنە نەدەکرا، بەڵکوو بۆ ڕا دەربڕینەکان و تێڕوانینەکان دەکرا کە کەمترین لایکیان بۆ دەکرێت.

دیوارنامەی (شایان) مینبەرێکە بۆ ئەوەی هەمووومان بە بابەتەکانمان بەشدار بین و لە یەک کاتدا خوێندنەوەی خۆمان بۆ هەموو بوارەکانی ژیان ئاشکرا بکەین، هەروەها ئەوانەی کە دەیخوێننەوە سوودی لێ وەربگرن و لە تێڕوانینیشمان بۆ ژیان بگەن و ببێتە شوێنێک بۆ گۆڕینەوەی تێڕوانینەکانمان.

دیوارنامەی (شایان) هەوڵێکە دەتوانم بڵێم بە شێوازیکی کۆن و کلاسیکی، بەڵام دەشبێتە هەنگاوی یەکەمی قوتابیانی زانکۆ و بەشەکەمان بۆ بواری میدیایی و بڵاوکردنەوەی نووسین، بوارێکە پێویستی بە هەموو بەشەکانی خوێندن هەیە، بۆیە بەشی یاساش وەکو هەر بەشێکی دیکەی زانکۆ و بگرە زیاتریش پێویستی بە بڵاوکردنەوەی نەرین و بۆچوونەکانە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە دەبێتە یادگارییەکیش بۆ دوای دەرچوونمان لە زانکۆ، بۆیە جارێکی تر داوا لە هەموو قوتابیان و خویندکاران و هاوپۆلان و هاوبەشان و هاوزانکۆکانم دەکەم، (شایان) بە بڵاوکراوەی خۆیان بزانن و بابەت و بیر و بۆچوون و هەواڵ و پێشنیارەکانیانی بۆ بنێرن.

## وەغەرا نەسرینێ

**نووسینی: بێلان**



د دەمەکێ دە پشتی هاتنا سالا نوو یا ٢٠١٧ کو مە هەمیا دوعا و نزا دکرن داکو سالا نوو سالا پڕ ژ خۆشیێ بە ب دەرباسبونێ ژ قەیرانان د سەری دە ژی سەرکەفتن ب سەر شەرێ تەرۆرستێن داعش دە کو بەربرۆیێ هەرێما کوردستانێ هاتیە و بوویە سەدەما ڕەشبوونا کنجێن ب هەزارەها مالباتان. د دەمەکێ دە کو هەر یەک ژ مە ل بەندا بجهبوونا هیڤی و ئومێدێن خوە بووین چ د ژیانا مە یا ڕۆژانە دە و چ د زانینگەها مە دە کو ب سەرکەفتی و ب سەربەرزیێ قوتابی باوەرنامێ وەرگرن و جهێ خوە د ناڤا دجڤاکێ دە ب کارین و شیانێن خوە بکن، لێ د هەمان دەمی دە کەسەک ژ مە ل بەندا ژ دەستدانا هەڤالەکە خوەشتڤی یا زانینگەها مە و ب تایبەتی یا بەشا یاسایێ نەبوو کو چەند مەهەک مابوون باوەرنامەیا خوە یا بەشا یاسایێ وەرگریت. ب خەمەکە مەزن ڤە د ڕۆژەکا ئینیێ دە ل ٢٠١٧/٢/٣ نوچەیا کۆچباربوونا قوتابی یا خۆشتڤی (نەسرین یاسین دۆسکی) مە بهێست کو ب بویەرەکە دلتەزین جانێ خوە ژ دەستدا. کۆچباربوونا نەسرینێ ژبلی کو بوویە سەدەما خەمەکە مەزن ژبۆ دایک و باڤ و مالبات و هەڤالێن وێ؛ لێ بۆ من بوو کول و کۆڤانەکە مەزن کو توو جارەکێ من هزرا وێ یەکێ نەکریە ڕۆژەک بهێت و ئەو هەڤالا خۆشتڤی و یا باش ژ دەست بدەم.

### پرسە و سەرەخۆشی

سەرۆکاتی یا بەشا یاسایێ د زانینگەها (ئیشک) دە، سەرساخییێنخوە ڕاستی مالباتا کوچباربووی قوتابی (نەسرین یاسین دۆسکی) دکەت و هیڤیدارەئەڤ داوین خەما وان بە.

## نموونە جوانەکانی سەروەریی یاسا

# چۆن بڕیاری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕەت دەکرێتەوە؟

لە ٢٠ی شوباتی ٢٠١٧ چل و پێنجەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ دەست بەکار بوو. ترەمپ دوای گەیشتنی بە کۆشکی سپی، کۆمەڵێک بڕیاری دەرکرد کە بەپێی ڕای زۆرینەی چاودێران، ئەو بڕیارانە جگە لە نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوەگێڕی بە تایبەتی بڕیاری ڕێگەنەدان بە گەشتکردنی هاووڵاتییانی شەش وڵاتی عەرەبی کە لە (عێراق، لیبیا، سۆمال، سوودان، سووریا و یەمەن) لەگەڵ ئێران پێک هاتوون بۆ ئەمەریکا، هیچی تری بەدواوە نایەت، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیەوە خۆپیشاندان لە هەندێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستی پێ کرد.

لەوانەیە بیانووەکانی ترەمپ بەڕای خۆی بۆ ڕێگەگرتن لە نەچوونی تیرۆریستان بۆ وڵاتەکەیان و پارێزگاریکردن لە هاووڵاتییانیان تا ڕادەیەک لە جێی خۆیدا بێت، بەڵام ئەوەی کە بووەتە جێی نارەزایی، شوبهاندنی هەموو موسڵمانانە بە تیرۆریست، بۆیە ئەم شوبهاندنە نەک تەنها لای موسڵمانان، بەڵکو لەلایەن هەموو ئایینخوازەکانی دیکەشەوە ڕەت کراوەتەوە.

بە هەرحاڵ باسەکەمان سەبارەت بەو بڕیارە دەبێت کە دەڵێت نابێت هاووڵاتییانی ئەو وڵاتانە بۆ ماوەی ٩٠ ڕۆژ گەشتی ئەمەریکا بکەن.



ئەم بڕیارەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن جێمس ڕۆبێرت دادوەری باڵای ئەمەریکا و داواکای گشتیی ویلایەتی واشنتۆنەوە هەڵوەشێنرایەوە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، چۆن بڕیاری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن دادوەرێکەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە؟

دەسەڵاتەکانی سەرۆک لەلایەن دادگای فیدراڵی و ژمارەیەک دامودەزگای فەرمییەوە چاودێری دەکرێن و لە هەموو کاتێکدا دەتوانن بڕیارێک هەڵبوەشێننەوە کە بزانن زیان بە ئەمەریکا و گەلەکەی دەگەیەنێت. سیستەمی دادوەریی ئەمەریکا هێندە بەهێزە کە دەتوانێت تانە یان ڕێگە لە بڕیارێکی سەرۆکی ئەو وڵاتە بگرێت و هەڵیبوەشێنێتەوە.

ئەم بڕیارەی دادوەرەکە لەسەر دوو ئاست کاردانەوە لێ کەوتەوە، لەلایەک هەردوو وەزارەتی دەرەوە و ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا ڕایان گەیاند کە پابەندی بڕیاری دادوەرەکە دەبن، لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی داد تانەی لە بڕیارەکەی دادوەر جێمس دا و ئاماژەی بەوە کرد کە بڕیارەکەی پێچەوانەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە و دەستوەردانە لە دەسەڵاتی سەرۆک، هەروەها کۆشکی سپی لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ئەمەریکا تانەی لە بڕیارەکەی دادوەر جێمس دا، بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون و دەستەی دادگاکە کە لە ٣ دادوەر پێک هاتوون و یەکێکیان لەلایەن جۆرج بۆشی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا لە کۆمارییەکان و دوانەکەی تریشیان لەلایەن جێمی کارتەر و باراک ئۆباماوە لە دیموکراتەکان دامەزرێنراون، تانەکانی کۆشکی سپیان ڕەت کردەوە.

لە کۆتاییدا لە ئەمەریکا دەستوور ڕێگرە لەوەی دۆناڵد ترەمپ یان هەر سەرۆکێکی تری ئەو وڵاتە دەسەڵاتەکانی بەسەر کۆمەڵگە یان کۆنگرێسدا بسەپێنێت و بەسەر دەستووردا باز بدات.

## ئەو دادوەرەی بڕیاری سەرۆکی هەڵوەشاندەوە

# دادوەر جێمس ڕۆبێرت کێیە؟



جێمس ڕۆبێرت دادوەری باڵای ئەمەریکا و داواکاری گشتیی واشنتۆنە، لەم دواییانەدا توانی بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە گەشتی هاووڵاتییانی ٧ وڵات بۆ ئەمەریکا هەڵبوەشێنێتەوە.

ڕۆبێرت ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سیاتڵی ویلایەتی واشنتۆن لەدایک بووە.

لە ساڵی ١٩٦٩ بەکالۆریۆسی لە هونەردا لە کۆلێژی ویتمان بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ پلەی یاسایی لە سەنتەری یاسای زانکۆی جۆرجتاون بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ تا ٢٠٠٤ ڕۆبێرت لە سیاتڵ و لەگەڵ ڕێکخراوی Lane Pawell PC دا ڕاهێنانی تایبەتی وەرگرتووە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن جۆرج بۆشی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکاوە وەک داواکاری گشتیی واشنتۆن دەستنیشان کراوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پێش بوونی بە داواکاری گشتی، ڕۆبێرت لەلایەن پاتی مۆرای سیناتۆری دیموکراتەکانەوە ستایش کرا لەسەر ئەو کارە کۆمەڵایەتییانەی کە کردوونی و هەندێک جاریش بەهۆیانەوە ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە.

هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ و هەر لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پێش ئەوەی ببێتە داواکاری گشتی، دادگاکانی بە ئامرازێک بۆ هاوکاریکردنی خەڵک و بەتایبەتی مافخوراوان دانا و گوتی، دادگا بە شکۆ و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەیسەکاندا دەکات.

سەرۆکی پێشووی خانەی منداڵان بووە لە سیاتڵ کە چارەسەرکردنی دەروونی بە منداڵان و خێزانەکانیان دەبەخشێت.

ئەمە جاری یەکەم نییە کە ڕۆبێرت ببێتە جێی مشتومڕی میدیاکان، ساڵی ڕابردووش لەبارەی کەیسێکی توندوتیژی پۆلیس لە بەرامبەر ڕەشپێستەکاندا گوتی (ژیانی ڕەشپێستەکانیش وەک سپیپێستەکان گرنگە) کە ئەوەش کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا.

جێمس ڕۆبێرت بەبێ بەرامبەر کاری بۆ پەنابەری یاسایی کردووە لەگەڵ دەزگای خزمەتگوزاری یاسایی ئیڤرین.

# زانکۆکانی ڕۆژئاوا و منی ڕۆژهەڵاتی!

بەڕاستی سەرم سوڕما کاتێک چوومە ناو زانکۆکانی ڕۆژئاوا، ئەوانەی کە گرنگییەکی تەواو بە خۆشییەکان دەدەن، بێ ئەوەی شەرمی لێ بکەن و بێ ئەوەی ئامۆژگارییش بدەن، جێگەی تایبەتی بۆ قوتابییە کوڕ و کچەکان دابین دەکەن تا ئاهەنگی تێدا بگێڕن و سەماش بکەن. هاوکاریشیان دەکەن بۆ یەکترناسین و جێیەکی پڕ لە مۆزیکیان بۆ فەراهەم دەکەن تا خۆشییەکی پاک ببینن.

ئەم سەرسوڕمانەی خۆم بە مامۆستایەکی زانکۆ گەیاند، لە وەڵامدا مامۆستاکە گوتی: ئەگەر ئێمە ڕێگری لە قوتابییە کچ و کوڕەکان بکەین کە بە شێوەیەکی ئاشکرا تێکەڵی یەکتری بن، ئەوا ئەوان هەوڵ دەدەن بە شێوەی شاراوە تێکەڵ بن کە لەگەڵ ئەو شاراوەییە چەندین شتی دیکە دێتە گۆڕێ. ئەگەر ئێمە لە سروشتی مرۆڤایەتی بگەین لە ڕووی هێزەوە و هەناسەکێشانێکی پاک و بێگەردیان بۆ فەراهەم بکەین، ئەوکاتە مرۆڤەکانمان لە کەوتنە هەڵە و ئیغرائاتی شاراوە پاراستووە. پاشان مامۆستاکە گوتی: منداڵەکانت فێری ڕووناکی بکە، بۆ ئەوەی تاریکی لە ناخیاندا بپووکێتەوە.

ئینجا جارێکیان لە سەرەتای تێکەڵبوونم بە ژیانی ئەمەریکا، سڵاوم لە کچێکی جوانی هاوپۆلم کرد، ئەویش وەڵامەکەی بە (چاوداگرتنێک) دامەوە، لەبەرئەوەی من نازانم کە لە ئەمەریکا چاوداگرتن واتا باشی و موجامەلە، ئەو چاوداگرتنە بە تەفسیرێکی ڕۆژهەڵاتییانە لێکم دایەوە و هەموو ڕۆژەکە لە ئاوێنە تەماشای خۆم دەکرد و پێنجەکانم جارانی شەشەکان دەکرد. ئەوەی کە لە کەشە ڕۆژهەڵاتییەکەی خۆمان فێری بووم، تەنها کەسایەتییەکی بەرزی پڕ لە درۆیە، بۆیە ئەو کەسایەتییەم وای لێ کردم کە ئەو چاوداگرتنە پاکە بە یەکێک لە چرپە چرپی شەیتان بگۆڕمەوە، بێگومان بۆ شەیتانیش ئاسانە خاوەن کەسایەتییەکی بەرزی پڕ لە درۆ و دەلەسە زوو هەڵخەڵەتێنێ. وا دیارە ئەو خۆڕاگرییە گەورەیەی کە شارستانییەتە ڕۆژهەڵاتییەکەمان پێی هەستاوە، پاشماوەیەکە لە پاشماوەکانی باو و باپیرانمان، چونکە ئەوکات ئافرەت کڕین و فرۆشتنی پێ دەکرا، شازادەکان و دەوڵەمەندەکان لەو کاتانەدا کەنیزەیان دەکڕی بۆ پڕکردنەوەی کۆشکەکانیان. بۆ پاراستنیان خاوەن کەنیزەکان دیواری بەرزیان هەڵدەچنی و پاسەوانی زۆریان بۆ دادەنان، نەوەک هەژارێکی قوڕبەسەر تەماشایان بکات و چاوێکیان لێ دابگرێت!

د. عەلی وەردی، لە کتێبی (وعاظ السلاطین)

## ١٢ ڕستەی ڕاست

# تا لە کاتی کارکردندا شەرمەزار نەبیت



کاتێ کەسێک دەست بە کارکردن لە شوێنێکی فەرمی یان گشتی دەکات، بێ گومان دەبێت مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە کەس و هەموو جۆرە (تەبیعەتێکدا) بکات. شێوەی مامەڵەکردنی کەسێک کە کار دەکات لەگەڵ خاوەن کار بێت یان لەگەڵ کەسانێک بێ کە کارەکانیان ڕایی دەکرێت، پێویستی بە هەندێک ئەتیکێتی قسەکردن هەیە، لێرەدا چەند هەڵەیەکی قسەکردن دەخەینە ڕوو کە هەندێک جار دەبنە شەرمەزاری و هەندێک جاریش دەبنە هۆی دەرکردنی ئەو کەسانە لەسەر کارەکانیان.

بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو جۆرە هەڵانە نەبین، پێویست دەکات ئەم خاڵانە بەهەند وەرگرین.

١- (ئەم شتە پەیوەندیی بە منەوە نییە) بۆ ئەوەی هاوکارەکەت یاخود بەڕێوەبەرەکەت کە قسەت لەگەڵ دەکات، ئیحراجیان نەکەیت، پێویستە بڵێیت (وابزانم ئەگەر لەگەڵ فلان کەسدا قسە بکەیت باشترە، لەوانەیە ئەو زیاتر سوودت پێ بگەیەنێت).

٢- (بەڵام ئێمە هەمیشە کارەکە بەو شێوەیە بەڕێوە دەبەین!) ئەگەر بەو شێوەیە قسە بکەیت ئەوا کەسی بەرامبەرت وا تێ دەگات کە تۆ تەنها ئەو کارە دەزانی و هیچی تر و ناتوانیت لە کارەکەت خۆت پێش بخەیت. بۆیە پێویستە بڵێیت (ئەمە ڕێگایەکی جیاوازە، ئایا دەتوانیت پێم بڵێیت بۆچی ئەم ڕێگایە باشترە؟).

٣- (هیچ شتێک نییە کە ڕاییپەڕێنم) پێویستە بڵێیت (دەتوانیت یارمەتیم بدەیت بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی تر بۆ ئەم بابەتە؟).

٤- (ئیشەکە تەنها یەک خولەکی دەوێت) لەجیاتی ئەمە بڵێ (دوای ماوەیەکی تر دەگەڕێمەوە لات)

٥- (ئەم شتە زۆر بێ مانایە) لە جێی ئەو قسەیە پێویستە بگوترێت (هەست ناکەم ئەم شتە سوودێکی ئەوتۆی هەبێت).

٦- (تۆ هەڵەیت) لەجیاتی ئەم دەستەواژەیە بڵێ (پێچەوانەی ڕای تۆم هەیە لەبەر ئەم هۆکارە، تۆ چی دەڵێیت؟).

٧- (داوای لێبوردن دەکەم بەڵام) پێویستە لەجیاتی ئەوە بگوترێت (سەبارەت بەمە داوای لێبوردن دەکەم و ئێستە هەڵەکە چاک دەکەمەوە).

٨- (من ئەو کارەم کردووە کە لێم داوا کراوە؟) لێرەدا پێویستە بگوترێت (دەتوانیت پێم بڵێیت بۆچوونی تۆ بۆ من چییە؟).

٩- (ئەوەی کە کردوومە باشترین کاری منە) لەجیاتی ئەوە پێویستە بڵێیت (لەو جۆرە هەڵوێستانە دەبێت چی بکەم؟)

١٠- (پێویست دەکات ئەمەت هەبێت) دەتوانین بۆ ئەمەیان بڵێین (پێشنیاری من ئەمەیە بۆ جاری داهاتوو).

١١- (وابزانم هەڵەم کردووە بەڵام) لەجیاتی ئەوە بڵێ (وانەم لەم هەڵەیەم وەرگرت).

١٢- (کاتم نەبوو) لەجیاتی ئەوە بگوترێت (دەتوانم ئەو کارە لەو کاتەدا تەواو بکەم (واتا پێویست دەکات کاتەکە دەستنیشان بکرێت).

هەموو ئەو خاڵانە لە دوو ڕستەی جیاواز پێک هاتوون کە لە ڕووی ماناوە هەمان مانایان هەیە؛ بەڵام لە ڕووی شێوەی دەربڕینەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە کە کەسەکان لە کێشە و پێکدادان دوور دەخەنەوە.

# خەسڵەتەکانی پارێزەری لێهاتوو



پارێزەری، پیشەیەکە زۆرینەی خەڵک حەزی لێ دەکەن، بەڵام مەرج نییە هەر کەس حەزی لێ بکات، بتوانێ ببێتە پارێزەرێکی باش و لێهاتوو و سەرکەوتوو، تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بوارەکانی یاسا، ماف، هەنگاوەکانی یەکەمن بۆ بوون بە پارێزەر، بەڵام پارێزەری لێهاتوو دەبێ ئەم خەسڵەتانەی تێدا بێت:

١- توانای قەناعەت پێکردنی کەسانی بەرامبەر.
٢- خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن لە بواری خۆی و بوارەکانی تری ژیاندا.
٣- توانای شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان.
٤- دەبێ بتوانێ شێوازی زانستی و شێوازی عەقڵانی لە بیرکردنەوەدا لێک جودا بکاتەوە.
٥- توانای وردبینی و بەردەوام بەئاگایی لەو دۆسیانەی دێنە بەردەستی تا بتوانێ بگاتە خاڵی لاوازی بەرامبەرەکەی.
٦- توانی قسەکردن و زمانگۆیی پاراو و دوورکەوتنەوە لە هەڵەکردن لە کاتی نووسین و قسەکردندا.
٧- لەوانە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ حەز بە کاری پارێزەری بکات.

# چۆن لە بیرکردنەوەی نێگەتیف خۆت ڕزگار دەکەیت؟



کاتێک کە شتێک دڵگرانمان دەکات، بەتایبەتی شتێک کە ماوەیەکی بەسەردا چووبێت و نەمانتوانیبێت بەپێی پێویستی دڵنیایی خۆمان بەرامبەری ڕاوەستینەوە، دەبێتە هۆکارێکی دەروونیی خراپ لەسەرمان، بۆیە باشترین چارەسەر نووسینێکی ئاسایی و ئاسانە بۆ هاوکاریکردنمان لە دوورکەوتنەوەمان لەو جۆرە بیرکردنەوانە، ئەمەش ڕاهێنانە بۆ ڕزگاربوون.


ئەم ڕاهێنانە لە داهێنانی زانای دەروونی (جێمس بەنیبیکرە)، کە لە دەرهێنانی کاغەزێک پێک دێت پێش چوونە ناو جێگاوە بۆ خەوتن. پێویستە بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک ئەو شتانە بنووسیت کە جێی دڵگرانی و بیرکردنەوەی ناخۆشن بۆ تۆ، دەبێت لە کاتی نووسینەکەدا بەتەواوی سەرنج لەسەر هەموو هەست و بیرکردنەوەکانت بەقووڵی بکەیتەوە. سەرەتا وا دەزانن کە کارەکە ئاسانە، بەڵام کاتێک تاقی دەکەنەوە دەبینن ئاسان نییە، چونکە نووسینی هەر شتێکی نێگەتیڤی ژیانت کە بیری لێ دەکەیتەوە، ناتوانیت بەئاسانی دەری ببڕیت، بەڵام ئەگەر دوو شەو یان تا سێ شەو بە بەردەوامی نووسیت، بێگومان سوودێکی بەرچاوی دەبێت.

ئەو زانا دەروونییە دەڵێت کە ئەو کەسانە زیاتر سوود لەو جۆرە نووسینانە دەبینن کە شێوەی نووسینەکانیان قەبارە گەورە و بێ تەرتیب و بێ سەروبەرە، چونکە ئەو کەسانە دەربڕینەکانیان ڕاستترە و شێوەی بیرکردنەوەکانیان کە پەستانی خستووەتە سەر دەروونیان دەردەخات، بەڵام لە کۆتاییدا دەگەنە ڕێگەچارەیەک بۆ نووسینی هەستەکانیان و زیاتر دەتوانن مانا بدەنە دەربڕینەکانیان و لەوانەیە ئەم ڕێگایە ببێتە هۆکاری ڕاوەستاندنی شێوە بیرکردنەوەی نێگەتیڤانە، چونکە زیاتر لە خۆیان و کێشەکەیان دەگەن.

لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو ڕێگایە؛ بارودۆخی تەندروستییان و سیستەمی بەرگرییان باشتر دەبێت.

# ئەگەر ڕۆژێک خۆشەویستەکەم بینییەوە؟


کامیار مەحموود



پێی دەڵێم:
تۆ ئەو ڕێیەی هەرگیز نارۆمەوە پێیدا
تۆ ئەو جێیەی هەرگیز ئارام نابم تێیدا
تۆ ئەو هەورەی کە قەت داناکەیتە باران
تۆ ئەو جەورەی ناڵە ئەبەی هەتا ئاسمان
تۆ خەمێکی نەبینراوی لەو کاتەوەی کە خەم هەیە
تۆ تەمێکی تەواو چڕی نادیارە لاچوونت کەیە
تۆ ئێشێکی زۆر بەژانی لە جەستەی مات و ماندوومدا
تۆ سەنگێکی زۆر گرانی ل دڵی لەبن هاتوومدا
وات پێ دەڵێم
چونکە گیانت لەت لەت کردووم
وات پێ دەڵێم
چونکە هەموو ژینت بردووم
پەشیمان نیم
لەوەی ئیتر دوات ناکەوم
پەشیمان نیم
لەوەی بێ یادت دەخەوم
ئیتر تەواو
تۆ بە ڕێی خۆت من بە ڕێی خۆم
ئیتر تەواو
هەزار جار بەخودا سوێند دەخۆم

# قاز قاز قاز

## بە پێنووسی کۆنە قازێک



من نەمزانیبوو کاتێ قوتابییەکانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکان پێکەوە بە کراسی سپیی (زەی موەحەدەوە)ی جارانەوە بە ڕیز بە گۆڕەپانی زانکۆدا ڕۆیشتوون و شێوەیان لە (پۆلە قازی سپی) چووە، بەو هۆیەوە قوتابیانی قۆناغەکانی سەرووتر ناویان لێ ناون (قاز).

ئێستاش نازانم کێ یەکەمین کەس بوو کە یەکەمین جار ناوی (قاز)ی لە قوتابیانی تازە قبووڵکراوی زانکۆکان نا و کەی ئەمەی کرد، بەڵام هەر کەسێ بوو ڕەبی خێری نەنووسێ و دەمی داڕزێ و لەشی کرمەڕێز بێ، چونکە من بەو هەموو عیلم و مەعریفەتەمەوە بەهۆی ئەو وشەی (قاز)ەوە بوومە مەسخەرەی سێ قوتابیی هاوژوورم (ڕەحیم. کەریم، خەلیل) ئێوە بڵێن چۆن؟ با بۆتان بگێڕمەوە:

ئەو ڕۆژەی لە زانکۆ وەرگیرام، من گەنجێکی مەوسووعیی فەرهەنگیی ئەنسکلۆپیدیایی بووم، لە منداڵییەوە هیوایەتم ئەوە بوو لە هەموو شتێ هەموو شت بزانم، بەردەوام زانیاریم کۆ دەکردەوە و لە مێشکم دەئاخنی، مەسەلەن کەی ڕادیۆ داهێنرا و کێ دایهێنا، بینینی دووپشک لە خەوندا چی دەگەیەنێ، درێژترین ڕووبار لە کوێیە، بۆچی پشیلە ڕقی لە مشکە، پایتەختی مۆزەمبیق کوێیە، کیسەڵ چەند ساڵ دەژی، چ وڵاتێ ناوی خۆی لەسەر پوولی پۆستەکەی نانووسێت، چەند جۆر مار هەیە، کێ یەکەم جار خەڵووزی دۆزییەوە، مرۆڤی نیاردەرتال لە کێندەرێ ژیاوە، زەڕافە بۆ دەنگی نییە، یابانی چۆن سڵاو دەکەن... ئیتر زۆر زانیاریی دیکە کە من مەراقم بوو، هەر هەموو ئەمانەم دەزانی.... لە ئێوە دەپرسم: توو خوا گوناح نییە منێک بەو هەموو زانیارییەوە، بەهۆی ناوی (قاز)ەوە بمە قەشمەرجاری سێ قوتابی؟

ئەو دەمەی باسی دەکەم پۆشاکی زانکۆ (زەی موەحەد) بوو، کاتێ یەکەم ڕۆژی خوێندنی زانکۆم، بە کراسێکی سپی سپی و پانتۆڵێکی ڕەساسییەوە چوومە گۆڕەپانی کۆلێژەکەمانەوە، لە شەرم و هەستکردن بە غەریبیدا، قاچەکانم لێک دەئاڵان، کەچی لەولاوە جەماعەتێ قوتابیی چەتوون، پڕ بە گەروویان وەکوو قاز دەستیان بە قاو و قیڕ کرد، یەکێکیان هاواری دەکرد: قازززززز.... ئەوانی دی بە دوایدا: قیییییڕڕڕڕڕڕڕڕڕ... سەرەتا وامزانی تەنیا بۆ من دەقیڕێنن، دواتر بینیم بۆ کچە جوانەکانیش هەمان شت دەکەن، یەکێک لە قوتابییە کوردە کوڕەکان هاواری کرد: (دەک بەخێر بێن قازەکان)... گرووپەکەی بۆیان سەندەوە: (جیقنەتان سەر چاوانمان).

بە هەر حاڵ، بەو هەموو مەعلوماتەمەوە، هیچ لەو قیڕ و قازە تێ نەگەیشتم، بەلای هەر کۆمەڵە قوتابییەکدا گوزەرم دەکرد، گوێم لە ناوی (قاز) دەبوو، دوو سێ موحازەرەمان بەڕێ کرد، تەنیا خۆناساندنی مامۆستاکان بوو، ئیدی ڕۆیشتینەوە، بۆ بەدبەختیم لە بەشە ناوخۆییەکەشدا کەوتبوومە نێو سێ قوتابیی قۆناغەکانی (دووەم و سێیەم) کە بە فیلیشیان ڕادەبوارد.

هەر کە دانیشتم لەنێویاندا بۆ نان خواردن، کەوتنە پرسیار:

**خەلیل: ئەمڕۆ (قاز)ت بینی؟**

**من:** چۆن نەمبینیوە، زۆر شت لەبارەی قازەوە ئەزانم، لە دنیادا ٣٨ ملیار باڵندە هەیە کە مرۆڤ دەیانخوات، قاز ٤٪ی ئەو ڕێژەیە پێک دەهێنێت، لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی جیهان، ڕێژەی بەرهەمهێنانی گۆشتی قاز لە ١,٧١ ملیۆن تۆنەوە بەرز بووەتەوە بۆ ٣,٢١ ملیۆن تۆن.

**ڕەحیم: ئۆ هۆووو، کورە تۆ بۆ کوێ چوویت، ئێمە ئەڵێین چۆنیت لەگەڵ قازدا، چۆن؟**

**من:** وەڵایی زۆر حەز لە گۆشتەکەی ناکەم، بەڵام بۆ زانیاریتان، گۆشتی قاز ڕێژەی٦٦٪ی پرۆتینە و زۆرترین ڕێژەی ڤیتامین B و هەروەها نایترۆجینی لەخۆ گرتووە، زۆر بەسوودە بۆ نەخۆشییەکانی (هەوکردنی دەمار، میزەچۆڕکێ، قەبزی، هەوکردنی گورچیلە، جەڵتەی دەماغ، کەمخەوی، پاڵەپەستۆی خوێن، ڕزینی ددان، ژاراوییبوون).

**کەریم: مردووت مرێ، بۆ تێ ناگەیت؟ ئەمڕۆ لە جامیعە لەگەڵ کەسدا باسی قازت نەکرد؟**

**من:** نا.. نەوەڵا.. چونکە من خۆم مەعلوماتم زۆرە، تەسەوڕ کەن ساڵانە پێش سەری ساڵ، لە بەغدا نرخی کیلۆیەک گۆشتی قاز، دەبێتە دووقات و سێ قات، چونکە هەر لە کۆنەوە بەغدایییەکان پێیان وایە خواردنی گۆشتی قاز لە شەوی سەری ساڵدا، خێر و سەروەت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

**خەلیل: لەو زیاتر خۆت گێل مەکە، ئێمە مەخسەدمان قازە جوانەکانە، ئەو قازانەی چەند لەمێژە خەونیان پێوە دەبینیت؟**

**من:** ئەها.. ئێستە تێ گەیشتم... دە ئێوە وا بڵێن،... با بۆتان باس کەم، (ئیبن سیرین) لە کتێبی (شرۆڤەکردنی خەونەکان)دا دەڵێ: قاز باشترین ئەو باڵندانەیە کە لە خەوندا ببینرێت، هەر کەس لە خەونیدا قازێکی دەست بکەوێت یان ڕاوی بکات، ئەوە پارەیەکی زۆری دێتە دەستەوە، هەر پیاوێک لە خەونیدا گۆشتی قاز بخوات، ژنێکی دەوڵەمەندی بەنسیب دەبێ، هەر کوڕێک لە خەونیدا ببینێ قازێک قسەی لەگەڵ دەکات، دڵی کچێکی جوان بۆ خۆی دەباتەوە.

هەرسێ هاوڕێکەم (ڕەحیم و خەلیل و کەریم) کە گوێیان لەم وەڵامە گێلانەیەی من بوو، بە پێکەنین و قاقا لێدانەوە کەوتنە سەر گازەرەی پشت و پێکەوە هاواریان کرد: بەڕاستی تۆ (قاز)یت!!!!

سەپەرشتیار: سەرۆکایەتیی بەشی یاسا

شایان

Şayan

سەرنووسەر:
هێرۆ ئیسماعیل عارف

# بەشی یاسا بووە پاڵەوانی زانکۆ

**پەیامنێری (شایان)**

ڕاگرایەتیی زانکۆی ئیشک، خولی ساڵانەی تۆپی پێی بۆ ٣٤ تیمی لە بەشە جیا جیاکانی زانکۆکە و ستاف و دەرچووانی ئەو زانکۆیە ڕێکخست و لە مانگی ١١ی ٢٠١٦ تاوەکو ٢١-٢-٢٠١٧ی خایاند، پاش ڕکابەرییەکی سەخت، لە کۆتاییدا بەشی یاسا بووە پاڵەوانی خولەکە و جامەکەی بەرز کردەوە. شایەنی باسە، لە یاریی کۆتاییدا کە ڕۆژی ٢١-٢-٢٠١٧ بەڕێوە چوو، هەردوو تیمی تۆپی پێی دەرچووانی بەشی کارگێڕیی کار و قوتابیانی بەشی یاسا کەوتنە بەرامبەر یەک، کاتی یاسایی یارییەکە بە بە ئەنجامی (٣-٣) یەکسان بوون، بەڵام دواتر بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا بە ئەنجامی (٤-٣) تیمی بەشی یاسا یارییەکەی بردەوە. لە کۆتایی یارییەکەدا کە سەرۆکی زانکۆی ئیشک و ڕاگران و مامۆستایان ئامادەی بوون، مەدالیا و جامی یەکەم و دووەم بە هەردوو یانەکە بەخشرا و بەشی یاسا بە بەرزکردنەوەی جامی پاڵەوانی خولەکە، ئاهەنگی گێڕا.



# عەلی نەبەز.. وەرزشوانێکی سەرکەوتوو لە زانکۆ

عەلی نەبەز حەوێز، یەکێکە لە خوێندکارە وەرزشوانە بەتواناکانی تۆپی پێ لە زانکۆی ئیشک، ئەو لە ئەندازیاریی مەدەنییە و قۆناغی سێیە. لە کورتە دیدارێکدا لەگەڵ دیوارنامەی (شایان) لێمان پرسی:

+ کەی دەستت بە تۆپی پێ کرد؟

– لە ساڵی ٢٠٠٤وە.

+ چۆن لەنێوان وەرزش و خوێندندا، کاتەکانت دابەش دەکەیت؟

– هەموو شتێک لە ژیاندا کاتی خۆی هەیە، بەلایەنی کەمەوە لە هەفتەیەکدا ٢ یاری دەکەم.

+ لەم دواییانەدا لە کام یارییەدا سەرکەوتنت بەدەست هێنا؟

– ساڵانە وەکو کۆلێژ و بەشی خۆمان دەستکەوتمان بەدەست هێناوە، ئەمساڵیش لە خولی تۆپی پێ ئاستی تیپەکەمان زۆر باش بوو.

+یاریی تۆپی پێ تەنها ئارەزووە یاخود پرۆژەیەکە لە پرۆژەکانی ژیانت؟

– تەنیا ئارەزووە.

+ لایەنگری کام یانە و هەڵبژاردەی تۆپی پێیت؟

– بەرشەلۆنە و ئیتاڵیا.

+ ئاگاداری یانەی هەولێریت؟

– بەڵێ زۆربەی یاریەکانی یانەی هەولێر لەنێو هاندەراندا دەبم.

+ کام یاریزانی یانەی هەولێرت بەدڵە؟

– گۆڵپارێزی بەتوانا سەرهەنگ موحسین.

+ کێ زۆر پشتگیریت دەکات بۆ بەردەوامبوون؟

– باوکم و هاوڕێکانم، سوپاسیان دەکەم.







## نوکتەی قانوونی!

١

پارێزەر بە دادوەر دەڵێ:

– جەنابی حاکم... بریکاردەرەکەم ئەو دزییەی نەکردووە، بۆیە بەپێی یاسا تاوانبار نییە،

دادوەر: بەڵام خۆی دانی بە تاوانەکەیدا ناوە.

پارێزەر: جەنابی حاکم... یەعنی تۆ باوەڕ بەو دزە دەکەیت باوەڕ بە من ناکەیت!

٢

پارێزەر بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە بە بریکاردەرەکەی دەڵێ:

– پیرۆزە قەزیەکەمان بردەوە.

تاوانبارەکە لە پارێزەرەکە دەپرسێت:

– بەڕاستیتە، یەعنی دادوەر بەرائەتی بۆ دەرکردم؟!

پارێزەرەکە: نەخێر، بەڵام قەناعەتم پێ هێنا کە وا بکات دوای ئەوەی لەسێدارە درایت حکوومەت خەرجیی بە خاکسپاردنت بگرێتە ئەستۆ!

٣

قەسابێک لە پارێزەرێکی پرسی:

– ئەگەر سەگێک پارچەیەک گۆشت لە قەسابخانەیەک بەرێت، ئایا یاسا خاوەنی سەگەکە ناچار دەکات کە پارەی گۆشتەکە بگێڕێتەوە بۆ قەسابەکە.

پارێزەرەکە: بێ گومان دەبێ خاوەن سەگەکە ئەو زیانە بژمێرێتەوە.

قەسابەکە: دە کەواتە ٢٥ هەزارم بدەرەوە چونکە سەگەکەی تۆ پارچە گووشتێکی لە دوکانەکەم برد، بایی ٢٥ هەزار دینار بوو.

پارێزەرەکە: منیش هەر کەسێ بۆ کاروباری یاسایی راوێژم پێ بکات ٥٠ هەزار دیناری لێ دەسەنم. کەواتە هەقی گۆشتەکەی خۆت هەڵگرە و بێنە ١٥ هەزار دیناری باقیەکەی!

## ئاگەداری بۆ قوتابیانی بەشی یاسا


ئاگەداری سەرجەم قوتابیانی هەموو قۆناغەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم)ی (بەشی یاسا)ی زانکۆکەمان دەکەینەوە، ئەوانەی ئارەزوو دەکەن لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی یاسایی (جیسۆب)دا بەشداری بکەن، لە ئێستاوە دەتوانن لە (بەشی یاسا) ناوی خۆیان تۆمار بکەن، بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- شارەزایی تەواوی لە زمانی ئینگلیزیدا هەبێت (نووسین، خوێندنەوە، ئاخاوتن) چونکە پێشبڕکێکە بە زمانی ئینگلیزی بەڕێوە دەچێت.

٢- ئەو قوتابییەی ئارەزووی بەشداریکردنی لەم پێشبڕکێ نێودەوڵەتییەدا هەیە، دەبێ خولیابوون و ئاشنایی لەگەڵ بابەتی (یاسای نێودەوڵەتیی گشتی)دا هەبێ، چونکە پێشبڕکێکە سەبارەت بە کەیسێکە لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا.

**سەرۆکایەتیی بەشی یاسا**
**لە زانکۆی ئیشک**

## لەبارەی یاساوە چی دەڵێن؟



«ئازادی بێ بوونی یاسا، لافاوێکی وێرانکەرە» مۆنتسیکیۆ

«ئازادی ئەو مافەیە کە ئەوەی یاسا ڕێت پێ دەدات بیکەیت» ڤۆڵتێر

«یاسای سروشت، ئەو غەریزەیەیە کە کە وامان لێ دەکات هەست بە دادپەروەری بکەین» پەندێکی فەرەنسی

«ئەوەی پاشا دەیەوێ، یاساش هەر ئەوەی دەوێ» پەندێکی رووسی

«ئەوەی دەمانترسێنی یاسا نییە، بەڵکوو دادوەرەکەیە» غاندی

«یاسا ناتوانێ سۆزمان بۆ دروست بکات و ڕێکی بخات» مەحمود دەروێش

«ڕەنگە هەندێ جار تاوانبار لە سزای یاسا رزگاری ببێت بەڵام هەرگیز لە سزای ویژدان دەرباز نابێ» پەندێکی دانیمارکی

## پارێزەری.. جوانترین پیشەی دنیایە



بیرمەند و فەیلەسوفی فەرەنسی ڤۆڵتێر، لەبارەی پیشەی پارێزەرییەوە دەڵێ:

هەمیشە بە ئاواتی ئەوەوە بووم ببمە پارێزەر، چونکە پیشەی پارێزەری جوانترین پیشەیە لە دنیادا... دەوڵەمەندان و هەژاران وەکوو یەک پەنا بۆ پارێزەر دەبەن، میر و شازادە و مرۆڤە مەزنەکانیش ئیشیان بە پارێزەرە و لە کاتی پێویستدا هانای بۆ دەبەن، پارێزەر ئەو مرۆڤەیە کە قوربانی بە کاتی خۆی و تەندروستیی خۆی و تەنانەت ژیانی خۆیشی دەدا بۆ بەرگریکردن لە تاوان دراوە پاڵێکی بێتاوان، یاخود لەپێناو مرۆڤێکی لاوازی ماف لێ زەوتکراودا.

شایان بڵاوکراوەی هەمووانە، هەر مامۆستا و قوتابی و خوێندکارێک دەیەوێ بەشدار بێت با بابەتەکەی بۆ ئەم ئەدرێسە بنێرێت، بەمەرجێ هیچ بابەتێک لە ٢٥٠ وشە زیاتر نەبێت و وێنەی نووسەری لەگەڵ بێت

shayannewspaper@gmail.com